سەدر بەکارهێنانی ناوی بنەماڵەکێی لە هەڵبژاردنەکان قەدەغە دەکات

ئەمڕۆ شەممە ،سەید موقتەدا سەدر سەرۆکی بزوتنەوەی نیشتمانی شیعەکان هۆشداریدا لە بەکارهێنانی ناوی بنەماڵەکەی بەتایبەت "هەردو شەهیدی سەدر" لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا و رایگەیاند، بەکارهێنانی ناوەکەی بە هەمو شێوەیەك قەدەغەیە، چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و لەڵگەی ئاماژەوە بێت.

موقتەدا سەدر لەو پەیامکدا رایگەیاند، لەم ڕۆژانەدا هەموان سەرقاڵی بانگەشەی هەڵبژاردنن، لەو ماوەیەدا تەنها باسی خەڵك دەکرێت و بە پێچەوانەوە خەڵك لەبیر دەکرێت.

وتیشی، "چەند ڕێنماییەکم هەیە سەبارەت بەم بابەتە، یەکەمیان ئەوەیە: قەدەغەیە بەهەمو شێوەیەك ناوی ئەمە، بنەماڵەی سەدر، بەتایبەتی هەردو شەهیدی سەدر بەکاربهێنین، بەتەواوی قەدەغەیە کە ناوی سەدر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان

ناڕاستەوخۆ، یان بەشێوەی ئاماژە بە ئاشکرا و لە هەر سەرچاوەیەکەوە بەکاربهێنرێت".

ئەسەدر لە ڕێنمایی دوەمی خۆیدا ڕونیشیکردەتەوە، "هەژاران مافی ئەوەیان هەیە ئەوەی دابەش دەکرێت بیبەن، تەنانەت لەلایەن گەندەڵکارانەوە، بەو مەرجەی دەنگیان پێ پێبدەیت یان کارتی هەڵبژاردنیان پێبدەیت پارە دەدەنە دەنگدەران، لەکاتێکدا ئەمە پارەی خودی هاوڵاتیان خۆیانە، ئەوان هیچ چاکەیەکیان بەرامبەر بە خەڵك نییە، تەنانەت ئەگەر گەندەڵکارەکە هەوڵی ئەوە بدات خۆی وەك کەسێکی ڕاستودروست پیشان بدات، ئەوا بە تاوانبار دەمێنێتەوە".

لە ڕێنمایی سێیەمیدا، سەدر دەڵێت، "دوبارەی دەکەمەوە، بۆدەنگی ئێمە زۆر قسە دەکات، یەکێك لە مانایەکانیش ئەوەیە کە بۆدەنگیمان بەرامبەر بە گەندەڵییەکانیان مانای ئەوە نییە کە ئێمە لێیان ڕازیین، بێیە باوەڕیان پێ مەکەن".